www.kurdistannet.org
7-7-2006 11:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چاوپێکەوتنی گۆڤاری گەنج لەگەل ستیڤان شەمزینانی

ستیڤان شەمزینانی:

**ئەوانەی خۆیان بەنەوەی نوێ دەزانن لەگێژاوی نوستالیژیاو کۆڵانە تاریکەکانی کولتوری باواندا ڕێگەیان ون کردووە.**




دەربارەی کێشە هەنووکەییەکانی گەنج و بۆ قسەوباسکردن لەسەر ڕەوشی ژیانی گەنجی کورد بەگشتی و هاوکات تیشک خستنەسەر کاری ڕێکخراوەکان و شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی لاو ئەم چاوپێکەوتنەم سازدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی گەنج (ستیڤان شەمزینانی) سەرنووسەری ڕۆژنامەی نێوەند.

پ1/ بەشێوەیەکی گشتی نەوەی نوێ چۆن دەبینی و لەڕوانگەی تۆوە تایبەتمەندییەکانی نەوەی نوێ چییە؟

ستیڤان شەمزینانی: تۆ دەزانی من کائینێک بەناوی نەوەی نوێ ناناسم و نابینم، دەزانی من بەردەوام ئیشکالیەتم بەرامبەر بەزارەوەی نەوەی نوێ هەبووە و ئەمە بۆ جاری سەدەمە هەوڵمدا ئەو بڕوایە دەربڕم کە لەخەیاڵی مندا شتێک تۆمارنەکراوە بەناوی نەوەی نوێ، ئاخر ئێمەی کورد خاوەنی نەوەکان نین (نەوەی کۆن و نوێ) ئەوەی هەیە تەنیا یەک نەوەیە ئەویش لەیەک بۆتەو سنووری داخراودا بیری کۆدۆتەوە و گەشەی کردووە.
دەخوازم بڵێم ئێمە کولتور و تێگەیشتنی باووباپیرانمان بەبێ دەستکاری لەڕێی جیناتەوە پێگەیشتووە، لە باشترین حاڵەتدا تەنیا لەسەرئاستی فۆرم لەباواونمان جوداین ئەگەرنا درێژە پێدەدری، هەمان ڕوانگەو تایبەتمەندیە کەسییەکانی ئەوانین، ڕەنگە هەبن دژو پێچەوانەی بڕواکەی من بن بەڵام ناتوانم بیرکردنەوەی خۆم بشارمەوە، دەبێ لێم قبوڵ بکەی کە باوەڕم بەونەوەیە نییە کە تۆ پرسیاری لەبارەوە دەکەی، بەڵام لێرە شتێک هەیە دەمەوی ئاماژەی بۆ بکەم، لە کۆمەڵگەی ئێمە گەنج دەژی کە دیارە مەبەستم لەو مرۆڤانەیە تەمەنیان لەنێوان 17-45 ساڵییە بەڵام بۆئەوەی بەنەوەی نوێ ناودێریان بکەین کارێکی ئەستەمەو غەدرێکی گەورەشە، چونکە نەوەی نوێ دەبێ هەڵگری بیرۆکەو ڕوانین و دنیابینی و خوێندنەوەی نوێ بێت و عەرشی سیستەمی کۆن بە تیزە نوێیەکان داگیر بکات.
لەبەرئەوە وەڵامەکە لەوەدا کورت دەکەمەوە ئەو توێژەی گەنجەی کە خۆیان بەنەوەی نوێ و ئەڵتەرناتیڤی نوێ دەزانن نەک هەرگیز نوێ نەبوون بەڵکو لەگێژاوی نوستالیژیاو کۆڵانە تاریکەکانی کولتوری باواندا ڕێگەیان ون کردووە.
حسێن دەرویش جوان وەسفی ئەم نەوەیە دەکات بەوەی (چاوی لەئاراممییە بەڵام ئازانی بەکام ڕێگادا بڕوات هیوای ڕزگاربوونە لەنەهامەتی بەڵام دەیەوێت بە کەرەستەکانی ئەوانی دی و نەخشەکانیان ڕزگاری بێت) .

پ2/ بەردەوام ئەو ڕایە فەرزکراوە بەسەر گەنجاندا کەسیاسەت و گەنج دووشتی لێکدابڕاون ئەمە چۆن دەبینی؟

ستیڤان شەمزینانی: ئێمە زۆرمان نییە لەسەر کەس سیاسەت دەکات یان نا، بەبڕوای من سیاسەت تایبەت نییە بە چینێک یان توێژێک، دکاری گەنجانیش بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان بەشداریی لە کردەی سیاسیدا بکەن، من ئەو حاڵەتە بەناتەندروست دەزانم گەنجان بەکۆمەڵ لەسیاسەت هەڵبێن هەروەک چۆن بەهەڵەی دەزانم هەموو سیاسییەکی بەحەت بن، دەکری هاوسەنگییەک ڕابگیری.
جارێکی دی جەختدەکەمەوە لەسەر ئەوەی لەلای من هیچ کارێک بەتۆبزی نییە، هەموو کارێک ئارەزوومەندانەیە. بالەبیرم نەچی ئەوەش ئیزافە بکەم سیاسەت لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا وێنەیەکی ئەوەندە قێزەون و ناشیرینی هەیە وایکردووە نەک گەنج هیچ کەس حەزی لێنەکات چونکە سیاسەت لەم دەڤەرەدا یەکسانە بەخوێن و کاسە سەرو توندوتیژی و هاوشێوەکانیان، بەڵام گەنجانیش خۆیان تێگەیشتنی خراپیان بۆ مەسەلەکە هەبووە بەتایبەت چەمکی حیزبایەتی و سیاسەتیان تێکەڵاو کردووە و وەک یەک دەبینن.

دواقسە ئەوەیە ئەگەر گەنج بەشداریش بی لەکایەی سیاسەتدا بەڵام ئەگەر بەهەمان ڕێگای سیاسەت باوی باوکەکاندا هەنگاوی هەڵهێنا پێموایە هیچ لە واقعەکە ناگۆڕێ چونکە دواجار سیاسەت، سیاسەتی تەقلیدیی و کۆنە جابەدەستی پیر یان گەنجەوە بی.

پ3/ڕێکخراوەکانی گەنجان چۆن دەبینیت و تاچەند ئەکتیڤ بوون لەکارەکانیاندا؟

**ستیڤان شەمزینانی**: خراپ دەیانبینم، جاری هەر لەبنەڕەتەوە ئەو خڕبوونەوەی گەنجانی سەر بەحیزبەکان هۆزگەرایی و جەماعەت جەماعەتێنەیە نەک شێوازی کاری ڕێکخراوەیی، من پێکەنینم دی بەو ڕێکخراوانەو هەر دەڵێی داهۆڵی ناو دەغڵن چەقێنراون بۆ ترساندن و زراوبردنی چۆلەکە یاخییەکان.

ئەوجا حەز دەکەم پرسیار لەتۆبکەم، ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی (س) چی جیاوازییەکی ئەوتۆیان هەیە لەگەڵ پیاوە پیرو کلاسیکییەکانی هەمان حیزب؟ ئەو جۆرە ڕێکخراو و گروپانە ناتوانن سەرنجم ڕابکێشن و وادەزانم مێشن بەلامدا گیزەیان دی.

ئەم ڕێکخراوانە یەکە یەکی حیزبین و بەڵی لەو بوارەدا و لەکۆکردنەوەی گەنجان لەدەوری حیزبەکانیان ئەکتیڤ بوون، ئەم ڕێکخراوانە لەسەر ترس و بیم گەنجان پەروەردە دەکەن چونکە ڕێکخراوەکانیان کوڕی منداڵانی نەوەی کۆن و تەقلیدییە ئەو نەوەیەی هەر وەک (حسێن دەروێش) دەڵی لەوەهەمەکانییەوە ترسی بەمیرات بۆ بەجێهێشتووین.

پ4/گەنجانی ئێمە کەم دەخوێننەوە و زیاتر خەیاڵیان لای شتی لاوەکییە ئایا ئەمەش کێشە نییە؟

**ستیڤان شەمزینانی**: نەخێر، لەتۆ دەپرسم ئایا گەنجان چی بخوێننەوە؟ ئەو هەموو درۆو دەلەسەیەی ڕۆژنامە موخابەراتییە بەناو سەربەخۆکان؟ یان ئەو لێشاوە ئینشاو پەخشانانەی بەناوی لێکۆڵینەوەوە دەرخواردمانی دەدەن؟ یان ئەو دەریایە لەدزی ئەدەبی و وەرگێڕانی سەقەت و قوڕ؟ ئایا گەنجان شەڕە دەنوک و جنێوی نیوماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت بخوێننەوە؟ یان وتارەکانی سەرووەری حیزب و بەئەفسانەکردنی سەرکردە؟ لەڕاستیدا زۆر کتێب و وتاری دەگمەن دەبینم شیاوی ئەوە بێت مرۆڤ کاتی خۆی بەخوێندنەوەیەوە بکوژێت، ئیتر با گەنج جیانەکەینەوە چونکە ئەوە بە تەنیا گەنج نییە ناخوێنێتەوە ئەوە هەموو کوردو تەنانەت نووسەرانیشە ناخوێننەوە، پێشنیار دەکەم بۆ گەنجان هیچ شتێک نەخوێننەوە چونکە شتێک نییە لەم وڵاتەدا شیاوی خوێندنەوە بێت.

بۆ لایەنی دووەمی پرسیارەکەت لەوە تێناگەم شتی لاوەکی چییە؟ ئەگەر بەخۆ ڕازاندنەوە و کەشخەیی گەنجان دەڵێی لاوەکی ئەوە تۆی بەهەڵەدا چووی نەک گەنجان! ئیتر گەنج چی بکات ئایا ببێتە پاسەوانی بەرپرسە دزەکان یان پرسگەی بارەگا حیزبییەکان؟ یان چەورەی حیزبە سەقەتەکانمان؟ ئەی ئافەرین بۆ ئەو گەنجانەی موقاتەعەی حیزبی کوردیتان کرد، ئەوە باشترین سیاسەت بوو، باشترین شۆرش بوو، تکایە بەردەوام بن.

پ5/تۆ خۆت گەنجی و ساڵانێکی زۆریش لەسیاسەت و حیزبدا کارتکردووە تاچەند تێکشکانەکانت لەو بوارەدا بۆتە هۆی ئەوەی بەتەواوی سیاسەت ڕەت بکەیتەوە؟

**ستیڤان شەمزینانی**: لەبەشی کۆتایی پرسیارەکەتەوە دەست پێدەکەم دەمەوی ئەوەت بۆ ڕاست بکەمەوە کە هەرگیز سیاسەتم ڕەت نەکردۆتەوە، لام وانییە سیاسەت دابڕاوبی لە ژیانی هیچ کەس بەڵام داوام کردووە گەنجانی ئەم وڵاتە و هەموو خەڵک حیزبی کوردیی تەڵاق بدەن.

سەبارەت بەئەزموونی خۆم لەبواری سیاسەت و حیزبایەتیدا زۆر بەوە شادومانم بۆ ڕۆژێک چییە ئەندامی یەکێتی و پارتی نەبووم بەڵکو کادری حیزبێکی چەپ بووم، نایشارمەوە تێکشکاین نەک تێکشکام، دواتر زانیم سیاسەت و حیزب مەکینەیەک بوون ژیانی لاوییان هەڵ لوشیم، خۆ ئەگەر دەساڵ لەمەوبەر بگەیشتمایەتە ئەو قەناعەتەی ئەمڕۆ و لەوە حاڵی بووبام کۆی داشەکانی شەتڕەنجی ڕۆژهەڵات دەرەوەی خۆی دەیجوڵێنی ئەوە هەرگیز سیاسەت و حیزبایەتیم نەدەکرد لەبەری ئەوە دڵداریی و عەشقم دەکرد، وەلی بەداخەوە ڕۆیشت، گەر جارێکی دی ژیانم بگەڕێتەوە مقەڕەکان دەکەمە جێژوان.

پ6/بەردەوام ڕەخنە دەگریت و نووسینەکانت هەمووی ڕەخنەن هەست بەوە ناکەیت تەنیا دەتوانی ڕەخنەگر بیت؟

**ستیڤان شەمزینانی**: خۆزگە بمتوانیبا ببمە ڕەخنەگرێکی ئەکادیمی و پسپۆڕ، ئەوەی تۆ بەنەنگی تێیدەگەی لای من جێگەی ئەوپەڕی شانازییە، هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکەم بەردەوام ڕەخنەگر بووم و هەوڵیش دەدەم هەر بەوشێوەیە بمێنمەوە.

دەمەوی بڵێم ڕەخنە تەنی ئەو دیوە ناشیرینە نییە کە بەسەر کولتوری رۆشنبیریی ئێمەدا زاڵبووە، چونکە کۆی ڕەخنەکانی ئێمە ڕەخنەی ئایدۆلۆژیی و شەخسی و حیزبین نەک ئەبستیمی و لۆژیکی.

ئاخر ئازیزم ئەوەی ئەوروپای گەیاندە ئەم دۆخەی ئێستای ڕەخنەو گومان بوو، چون ڕەخنە لەخۆیدا جۆرێکە لەمەعریفە، ئارەزوو دەکەم ئەو وتەزایەی رۆژیە گارۆدی- بەبیرت بهێنمەوە کە دەڵی (گرنگترین شت کە ئەوروپا بەخشیویەتی تەکنەلۆژیا نەبوو بەڵکو ڕەخنە بوو، ئەوەی ئەوروپا بەخشیویەتی لە سوقراتەوە تا کانت، لەکیارکیگاردەوە تا مارکس، لەنیتچەوە تا هۆسرل، باوەڕ نەبوو گومان بوو) .

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت لەحاڵەتی کۆمەڵایەتی خۆشمدا هەروام، هەردەم لەماڵەوە باوکم پێمدەڵی شتی نییە تۆ لێی ڕازی بیت، من بۆیە دەژیم تا ناڕازی بم چونکە دەمەوی شتەکان بگەنە حاڵی کەماڵ، لەوانەیە تاڕادەیەک لەم ڕووەوە میسالی بم بەڵام ئەرکی هەموو مرۆڤێکی هۆشیارە بەردەوام بەچاوی گومان و ڕەخنەوە بڕوانێت لە شتەکان.

پ7/چۆن لەزانکۆ و ئەکادیمیا دەڕوانیت ئایا چ رۆڵێکیان لە کۆمەڵگەدا بینیوە؟

ستیڤان شەمزینانی: سەرەتا دەگەڕێمەوە سەر وشەی ئەکادیمیا، لەبنەڕەتدا ئەکادیمیا لەچاوگی ئەکادێم یان ئەکادیمۆس وەرگیراوە و وشەیەکی یۆنانییە، بەپێی میتۆلۆژیای گریکی ئەکادێم پاڵەوانێکی ئەفسانەیی کۆنە، هەر بەپێی گێڕانەوە میتۆلۆژییەکان پاڵەوانی ئەفسانەیی (تێستی) هەستاوە بەفڕاندنی (هێلێنا) و شاردوویەتەتییەوە، ئەم هێلێنایە خوشکی (دیۆسکوور) مکان بووە، ئەکادێم یارمەتی دێوسکورەکانی داوە بۆ ڕزگارکردنی خوشکەکەیان.

تۆ سەیر بکە سترۆکتۆری وشەکە لەناوی قارەمانێکی ئەفسانەییەوە خواستراوە کە هێمایە بۆیاخی بوون و سەرکێشی و جەرائەت، بەبۆچوونی من ئەکادیمیا یان زانکۆی ئێمە زانکۆیەکی دەستەمۆو هەژارە، ئەکادیمیا لەتوانایدا نییە تێزی نوی و ڕوانینی نوی بەرهەمهێنی و هیچ چاوەڕوانییەکی لێناکرێت، هەروەک مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی دەڵی زانکۆی ئێمە هەر چوار ساڵ جاری بڕوانامە دەبەخشێتەوە و تەواو.

لەلایەکی تریشەوە دوو زلحیزبەکەی کوردستان زانکۆ بەقەڵای خەیبەر دەزانن و هەوڵی فەتحکردنی دەدەن و لەهەموو ڕوویەکیشەوە ئەکادیمیا تەسلیمیان کراوە نەک تەسلیم بووە.

بەڕاشکاوی پێی لێدەنێم گاڵتەم بە ئەکادیمیا دی تۆ سەیربکە خوێندکاری وامدیووە چوار ساڵ لە زانکۆ رۆژنامەنووسی خوێندووە کەچی دوای دەرچوونی نەیتوانیوە ریپۆرتاژێک ئامادە بکات.

لەحەقیقەتدا من باوەڕم بە مومارەسە هەیە، چونکە لەوانەیە ئەو وتەیە تەقلیدیە باشترین وەڵام بێت بۆ ئەکادیمیستەکان ئەوە هەر ئەزموونگەرەکان بوون تیۆرەکانی ئەکادیمیایان داڕشتووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەی ئەوان لەچی ئەکادیمییەک دەرچوون؟ نمونەی خۆم دەهێنمەوە کە هیچ بڕوانامەیەکم نییە لەهیچ ئەکادیمییەک لە بواری رۆژنامەنووسیدا بەڵام هەستدەکەم لەوانە پێرفێکت ترم کە لە ئەکادیمیا کاتی خۆیان بەفیڕۆ داوە، دواجار ئەکادیمیای ئێمە جیاوازییەکی لەگەڵ قۆناغەکانی تری خوێندن نییەو کەسیش هەست بەرۆڵ و کاریگەریی زانکۆ ناکات لەهیچ ئاستێکدا.

پ8/گەنجی کورد چی بکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و سەرکەوتنی پرۆژەکانی؟

ستیڤان شەمزینانی: گەنجی کورد دەبێت لەبیرو کرداریدا مومارەسەی ژیانی گەنجانەی خۆی بکات ئەوکات دەسەڵاتی کۆن بۆ خۆی دەکەوێتە پەڕاوێزەوە، رونتر بڵێم ئەگەر تۆ گەنج یان نەوەی نوێت هەبوو ئەوە لەخۆیدا بەمانای جی پێلێژکردنی نەوەی کۆنە، ئەگەریش دەتەوی بزانی چۆن گەنج یان نەوەی نوی سەردەکەوی دەبی گەنج بەردەبارانی سیستەمی کۆن و دنیای کۆن و بیری کۆن بکات و لەبەرامبەریشدا بیرۆکەو دنیای نوی چی بکات.

بەڵام هەتا ئەم ساتەوەختەش نەوەی نوی لەئارادانییە و گەنجی کورد وێنەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی باوانی خۆیەتی و بەم وەزعەوە مەحاڵە ئومێدێک هەبێ بۆ گۆڕانی باری ژیانی، خواش دەزانێت ئەو پرۆسەیە چەند دەخایەنی تا نەوەی نوی لە هێلکەکەی سەردەجوقێنێت.

پ9/دوا پرسیارم ئەوەیە بۆچی ئەوەندە ڕەشبینیت و بەبی هیوایەوە لەشتەکان دەڕوانیت؟

ستیڤان شەمزینانی: من ناوی نانێم رەشبینی، بەپێچەوانەوە ئەوەی تۆ بەڕەشبینی تێیدەگەی واقیع بینییە، ئەز واقیعەکە وەک خۆی و بی پێچ و پەنا دەردەخەم، ئیتر کێشەم نییە تۆ چ ناوێکی لێدەنێی، ڕەشبینی یان سپیبینی، واهەستدەکەم لە واقیعێکی وەک ئەمرۆدا تەنیا

گەمژەکان خۆشبینن، ئەو هەموو ناعەدالیەتی و چەوتی و ناهەمواریيە دەبينم لەسەر ژيانی مرۆڤ ئیتر چۆن ڕەشبین نەبم؟ کاتی ئەو بەهایانەی هەموو ژیانی خۆمان لەپێناویدا کرد بەسووتەمەنی هەرەسیان هێناو هەموو خەونەکانمان بوون بەزوخاڵ و هیواکانمان وەک بەفری بەرهەتاو توانەوە، ئیدی رەشبینی تاکە شتێکە ئامادەییەکی جیدیی و هەیەو هەژموونی خۆی بەسەرتدا دەسەپێنێت.

جگەلەوەش مرۆڤ لەناخیدا جۆرێک لەڕەشبینی هەڵگرتووە لەگەڵ تەمەنیدا نەشونما دەکات، منیش وەک مرۆڤێک بەدەرنیم لەم حاڵەتە و تۆش هەر بەهەمان شێوەیت.

حەز دەکەم منیش وەڵامەکەی خۆم دەربارەی رەشبینی و گەشبینی بەم وتەیەی گۆنتەگراس کۆتایی پێبێنم کە دەڵێ: هەتاوەکو ئەوبەردە مابێت کەسیزیف رایدەکێشێتە سەرەوە ئەوە هیچ کۆتاییەک نییە، لێرەدا مەبەست لەو کارەساتە دابەزیوانە نییە بەهۆی هێزەکانی ئەودیو سروشتەوە، بەڵکو مەبەست لەوانەیە کە مرۆڤ ئامادەیدەکات، بەتەنیا مەبەستیش لەسیناریۆ گەورەکانی ئەتۆمی نییە، ئەو سروشتەی کە مرۆڤ وێرانی کردووە تاوەکو چینی ئۆزۆن، مرۆڤ بە هیچ شتێکی قەدەرو دوعاکان، تەنانەت ئەو گەشبینییەش کە بەپشک بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشدەکرێت ڕزگاری نابێت بەڵکو بە چالاکی مرۆڤانە ڕزگاری دەبێت) .

لە ژمارە 8ی گۆڤاری گەنج – کۆتایی مانگی حوزەیرانی 2006 بلاوکراوەتەوە